

# کۆبانێ:
# کۆمۆنەی پاریسە

فەرهاد حەیدەریی (گۆران)/کرماشان

هەڤاڵ سارا، ‹ستێرک›، شەڕڤانی نێودەوڵەتیی فەڕەنسایی، ساڵێک دەبێ تەڤلی یەکینەکانی پاراستنی ژنان، (YPJ)، بووە، بە زاری کوردیی کرمانجیی، لە گرنگیی بەرخۆدان بۆ ئازادیی و دیموکراتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناویین، دەدوێ. ئەو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە: دەبێت مێژوویەکی نوێ بنووسینەوە:

## «ئەم دیرۆکا نوو بنڤیسن!»

حەوت ساڵ لەمەوبەر ڕۆژئاوا دامەزرا؛ ناوێکی تازە لە هەرێمی بەرخۆدان و هیوا. ئەمریکای تاوانکار بە بانگەشە و پڕوپاڵانتەی مافی مرۆڤ، ویستی تێگەی بەرخۆدان لەم پنتەی جیهاندا هەڵلووشێ. سعوودییە و قەتەر و تورکیا و وڵاتە یەکگرتووەکان داعشیان دامەزراند و بەریان دایە گیانی ‹بەهاری عەرەبیی› و شۆڕش و ڕابوونی کوردان. شۆڕش نا، تیرۆریزم! ئەمە درووشمی نیولیبراڵیزم و خزمەتکارە دیپلۆماتەکانێتی. ئەمریکا هەلی بۆ خۆتێتکاندن لە ناوچەکە بە گونجاو زانی و دژی سیاسەتەکانی تورکیا و ڕووسیا و ئێران لە سووریا، وا خۆی نواند گوایە خوازیاری وەستاندنی داعشە. بەم ڕەنگە بەشێک لە جبەخانەکانی بەسەر شارەیلی سووریا و ئێراقدا داباراند. لە کۆبانێوە بۆ ڕەقە و موسڵ و شەنگاڵ، تەنیا داروپەردوو ماوەتەوە. هەبوونی داعش واتە ئاسانکاریی بۆ هاتنی ئەمریکا. ئەم دوو ئامادەییە تەواوکەری یەکترن. تەواوکەرییەک کە من ناوی لێ دەنێم ‹ئێتلافیون سلفیون›، بێ چەندوچوون.


فەرماندەی هێزەکانی ‹پارتی یەکێتیی دیموکراتیی سووریا› ڕایگەیاندووە: «ئێمە تەنێ لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی داعش هاوکاریی هاوپەیمانانمان پەژراندووە.›› چونکە لە بەرانبەر ماشێنی تورکیا و بەڕبەڕەکانی تردا هیچ چارەیەکی تریان نەبوو. لەمەودوا وا پێویستە پیشانی بدەن ئەم گەمە تاکتیکیی و واتادارە لێل ئەمریکایش دوایی هاتووە. دڕندەکان لە گشت شوێنێک هەن، لەنێو هەموو گەل و نەتەوە و پێڕێکدا، بەڵام دڕندەیەکی لە ڕەنگی داعش، داهێنانێکی تازەیە. سەربار: ئەمانە پێشینەی تاوان و کوشتوبڕی ئەوی ترن لەژێر ناونیشانی چەمکی جیهاددا. گەرەکە

لەم گۆشـەنیگایەوە لـە پەیوەندیی نێوان دیـن و دڕندەیـی ڕابمێنیـن.

هەنگینـێ داعـش هاشـاوڵی کۆبانێـی دا، وێنـەی کوردێکـی سـەلەفیی بـڵاوو بـووەوە کـە سـەری بڕاوی بەرخۆدێرێکی یەپـەژەی هەڵگرتبـوو. وێنەیـەک، کـە ڕەگوڕیشـەی دڵڕەقیی دەنوێنـێ. دڵڕەقیـی تیۆلۆژیـی. بیـر لـە نیشـتمانی ئـەو تاوانکارە دەکەمـەوە. لـە قووڵاییـی مێـژوو. خاکـی هەورامـان لـە سـەدەی دووەم تـا هەشـتەم ئاژگـەی فرچککرتنـی بزوتنـەوەی کۆمەڵایەتیـی و ئایینیـی یارسـان بـووە؛ ئـەو بزوتنـەوەی وا لـە ڕۆژگاری تاڵـی خەلافەتـی عەباسـییدا لـە ڕۆژئـاوای ئێـران خەتوخاڵـی دا، سـا نـاو و ویسـتی هەقیقەتـی دەدەڵانـدەوە: لـە بابەکـی خورەمدینـەوە بـۆ حـەلاج، لـە عەینلقوزاتـی هەمەدانیـی و سـوهرەوەردییەوە بۆ هەفتتەنـان و چلتەنـان. کـەس بـە جوانیـی نازانـێ لـە سـەدەی هەشـتەم بـۆ دەیـەم و ڕۆژگاری دەسـەڵاتی عوسـمانییدا چـی لـە سـنوورەکانی ڕۆژئـاوای ئێـران قەومـاوە، وا ئەمـڕۆ جگـە لـە نزرگـەی دامەزرێنەرانـی یارسـان، شـوێنەواریی تەنانـەت تاکەخێزانێکـی یارسـانییش لـە نیشـتمانی پەردیوەریـی و هـەواری سـەرهەڵدانی ئایینـی یاریـی نەماوەتـەوە.

ئـەوان یـان کۆمەڵکـوژ کـران، یانەکـوو ناچـاری کۆچـی زۆرەملـێ. بـە درێژایـی ئـەم چەنـد دەیـەی کۆتاییـش سـەلەفییە توندڕۆکان لـەو ناوچەیـەدا ڕێکخسـتە بوونـە. سیاسـەتی سـەرکوتکەرانەی حکومـەت و هەژارییـش کاری خۆیـان کـردووە. زۆربـەی کۆڵبەرانـی کـورد سـوونین. ئـەوان بـۆ دابینکردنـی بژێوییـان پەنجـا مـەن کـۆڵ بـە درێژاییـی سـنووری دوو دەوڵـەت بـە شـانوپیل دەگێڕن. گـەر دڵیان بۆ داعـش و مووچـەی دەهـەزار دۆلاریـی ناتەپـێ، تەنیاوتەنیا لە سـەرەنی

جوامێریی و مرۆڤدۆستییانەوەیە. ئەوان لەم دنیای ڕۆشنەدا، سوێی ژانیکی بەردەوامی لێ بترازێ، ماخۆی هیچی دی نیین. نزیکترین ڕێی بەختەوەریی پەسلانیش لای سوننە، ڕاڤەکانی ئیبن تەیمییە و بەغدادیی و ئەو جبەخانە گەورەیەیە وا ‹هاوپەیمانان› بۆیان هەڵڕێژاون: ‹ڕێکخستنە تیرۆریستییەکان›



گۆڕستانی کۆبانێ لە هەتاو ڕاماوە. جەژنی نەورۆزی خەڵکی ئەم هەوارە لەسەر گردی مشتەنوور،
ئەو شوێنەی گرێدراوی ناوی
ئارین میرکانی ئەفسانەییە،
قسە بەناوبانگەکەی
نیچەمان بیر دەهێنێتەوە:
«ڕۆژی من هێشتا
نەهاتووە، دووسبەی هیی
منە». مووسای قەناس،
قەناسەوان و خەباتگێڕی
مەزن، لە دواوێنەیەکیدا
لەسەر بەرزایی
باڵاخانەیەک هەوڵەقی
وێرانەکانی کۆبانێ ماوە. ئەو،
پاش ئەو وێنەیە شەهید کرا. دەڵێن ئەم پەیڤانەی ئەو وەک یادگار لەسەر یەکێک دیوارەکانی کۆبانێ نەخشێندراون:

**«تەنێ ئەوین ڕزگارمان دەکات.»**

ئەویش لەو ئاخۆرانوباخۆرانەدا، کە هەینیی داعش هاتنە نێو شار، تەنانەت گۆڕستانی خەڵکەکەی و پاکڕەوانانی ئەم شارەیشیان بە شۆفلْ ڕامالْی. دەتوانرێت چی لەمەڕ ئەو وێنەیەوە بگوترێ، ئەمە دواسەرنجی ئەوە بۆ وێرانەیەکی ڕزگارکراو. سەربار، دۆلۆز لە شوێنێکدا گوتوویەتی: ‹هەمیشە شادمانیی دەگەڕێتەوە.›› کۆبانێ ئەو شادمانییەیە، مینا کۆمۆنەی پاریس.

*فەرهاد حەیدەریی، گۆران: نووسەرێکی کوردی یارسانە، خەڵکی کرماشانە، توێژەر و ڕۆماننووس و چیرۆکنووسە، ڕۆمانی تەنگەنەفەسیی، ڕۆمانە بەناوبانگەکەی ئەوە و باسی گەلکوژیی و کیمیابارانی گوندی زەردەی کوردانی یارسان دەکات. فازڵ مەحموود ئەو ڕۆمانەی بۆ کوردیی وەرگێڕاوە. نامیلکەیەکی زۆر گرنگی لەمەڕ یارسانەکان نووسیوە لە بن سەرناوی: ‹هەقیقەت و شادمانیی›، لەگەڵ سەمیرا ڕەشیدیی و فازڵ مەحموود پەڕتووکی ‹ئێمە ناتوانین درێژەی بدەینێ، ئێمە درێژەی دەدەینێ›یان نووسیوە، کە پەڕتووکێکی گرنگە سەبارەت بە چەمکی وێژەی کەمینەی دۆلۆز و واتا و تێگەی ئەدەبییاتی کەمینە.

***